# ڤیکینگەکان دەگەڕێنەوە٭



گۆران  هەڵەبجەیی

دیرۆك ئەو بنەما پتەوەیە  كە ئایندەو شارستانیەتی هەر نەتەوەیەكی لەسەربوونیاد دەنرێت. گەرهاتوو نەتەوەیەك دیرۆكێكی  زەنگین و مەزن و  بەناوبانگی بۆ مایەوە بێگومان ئەو نەتەوە ئەو كۆمەڵگایە خاوەن ئایندەیەكی گەش و پێشكەوتوو دەبێت . خۆ گەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا نەتەوەیەكی سەقەت و تێكشكاو ودواكەوتوو بەرهەم دێنێت . زۆرن ئەو وڵات و نەتەوانەی كەاشانازی بەدیرۆكی خۆیانەوە دەكەن ,لاپەڕە مەزنەكانی هەڵدەدەنەوە و باس و لێكۆلینەوی لەسەر سازدەكەن وبەردەوام یادیڕووداوە مەزنەكانی دەكەنەوەو   نەوە نوێكانی خۆیانی پی دەناسینن و لە خویندنگاو پەیمانگاكاندا گرنگی تایبەتی پێدەدەن. كەم میللەت هەیەوێنەی وڵاتانی ئەسكەندەناڤی شانازی بە دیرۆكی خۆیەوە بكات. دیرۆك لەكن ئەم وڵااتانە هێندە مەزنە هێندە دەوڵەمەندە هیندە بڵاوە كە هەموو تاكێكی ئەم وڵاتانە بەبەشێك لە كیانی خۆی دەزانێت وهەردەم لە ویژدانیاندا یە .لە وەزارەتەكانی كەلتووردا بوودجەی تایبەتی بۆ ئەم لایەنە تەرخان دەكرێت .

<u>دیرۆكی گەلانی  ئەسكەندەناڤی</u>

دیرۆكی وڵاتانی ئەسكەندەناڤیا دەگەڕێتەوە بۆ ڤیكینگەكان كە لە سەردەمی خۆیاندا كۆمەڵە خەڵكێكی زۆر بزاوت و سەرچڵ وبەجەرگ و سەرەرۆ و گەریدە بوون : شوێنی نیشتەجێیان لەو وڵاتانە بوو كە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئەسكەندەناڤیا. لەبەر ئەوەی لە بەشی یاشوری ئەورپا دەژیان پێیان دەگوتن باشووریەكان. یانی وڵاتێك  نەبوو بەنێوی سوید یا دەنمارك یا نەرویج  بەڵكو دەڤەرەكە لە چەند میرنشینێك پیكهاتبوو كە دەسەڵاتیان بە سەر ئەم وڵاتانەی ئێستادا بلاْوبوو.ئەو زانیاریانەی ئیمەلەمەر ڤیكینگەكان هەمانە تا رادەیەك زانیاریەكی كەمەو هاوكات تاك لایەنیشە. ئێمە ئەوەندە دەزانین كە گوایە ڤیكینگەكان كۆمەڵە خەلكانیكی جەردەو پیاوكوژوشەڕانگیز بوون . لێ لەڕاستیدا وا نیە ,بەڵكە كۆمەڵێك لایەنی گەشیش لەدیرۆكەكەیاندا هەیە. .ڕاستە تا رادەیەك ڕاورووتیانكردووەو بە زەبری هێز خەڵكانی دیكەیان خستووەتەژیر ڕكێفی خۆیانەوە .لی ئەمە تەنها پیشەی ئەوان نەبووە بەڵكو لەو سەردەمەدا  دانیشتوانی ئەوروپا بەتایبەتی و بەشەكانی دیكەی جیهان بەگشتی لە بازنەیەكی جەنگدا ژیاون  وجەنگ پانتاییەكی فراوانی لەژیانیان داگیركردووە.

جا ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لایەنە گەشەدارەكانی یاخود ڕووە ئیجابیەكانی ژیانی ڤیكینگەكانە.

مەزەنەدەكری ڤیكینگەكان لە نیوان سەدەكانی 1100-800 دا ژیابن,جا بە هوی هەڵكەوتنی  دەڤەرەكانی نیشتەجی بوونیان لە ڕووی جوگرافیەوە كە زۆربەیلەسەر دەریایە﴿دەریای ڕۆژهەڵات لە لای ڕاست و دەریای باشوورلای چەپ﴾ وای كردووە كە هاتووچۆوسەفەرەكانیان بۆ بازرگانی وكاری دیكە لە ڕێگەی ئاوەو ەبێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەركانەش پێویستیان بە كەشتی هەبووە بە هەمووجۆرەكانیەوە  ,بارهەلگر جەنگاوەرهەلگر كاروحەوانەوە تاد .كەواتە درووستكردنی كەشتی بەشیك بووەلە پیشەسازیەیان كە دواجار بەدرێژی لەسەری دەرم. ویرای لایەنی پیشەسازی ناسینی كەلتووری هەمەجۆر گۆڕینەوی زانیاری لە ڕووەكانی ژیانەوە بازرگانی لەگەل زۆر لە دەڤەرەكانی دیكەی جیهان ﴿٭﴾ ,دۆزینەوەی چەندین كیشوەرو دەڤەری جیاجیاو پاشانیش ئاوەدانكردنەوەیان بەنمونەی

گرۆندلاند,نیوزیلان ,کیشوەری ئەمەریکا﴾★﴿ .بەشێکی دیکەی ژیانی ڤیکینگەکان بریتی بووەلە بیناسازی, لەهەر لایەك گەربۆماوەیەکی کەمیش دایانکوتابیت هەستاون بە درووستکردنی خانووبەرە بەهەموو پیویستیەکانیەوە کەتۆکمەترین و چاکترین جۆری خانوو بووە لەو سەردەمەدا﴾★﴿ . دوواشت بەرهەم هینان و درووستکردن و مەیسەرکردنی پیویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و دواتریش بازرگانی کردن بەو کاڵایانەوە.

.وەك پێشتر ئاماژەم پێدا کەشتی لەکن ڤیکینگەکان ئامرازێکی زۆرگرنگ وسەرەکی بووە. بەردەوامیتی ژیانیانی پیوە پابەند بووە.بۆیە هەردەم هەوڵیانداوە کەشتی چاك ومەزن وپڕ مواسەفات درووست بکەن کە بەرگەی سەفەری دووروجەنگی نیو دەریاو زریان و شەپۆلە ترسناکەکان بگریت , کە بەڕاستی لەو بوارەدا سەرکەوتووبوون. نمونەش بۆ ئەم ڕاستیە پاشماوەی ئەو چەند کەشتیەیە کە ئیستا لە مۆزەخانەی تایبەت بە ڤیکینگەکان لە شاری رۆسکیلدە لە دانمارك پارێزراون.بە هەمووی 5 دانە لەو کەشتیانە بە قەوارەی جیاواز لە مۆزەخانەکەدا هەیە.ئەم کەشتیانە لە سالی 1962 دا لە ئەستیڵی شاری رۆسکیلەدا دۆزراونەتەوە کە لە قەوارەکانیان لە سەدا 20-25 ماگن. پێدەچیت ئەم کەشتیانە پاش خانەنشینکردنیان هەرلەوێدا نغرۆکرابن .شایانی ئاماژەیە شاری رۆسکیلە بەکۆنترین شاری دانمارك دەژمێردرێت و مەڵبەندێکی مەزنی ڤیکینگەکان بووە , هەر لەوێوە لە کەشتە زۆرەکانیاندا یەکەم سەوڵیان بەرەو شوێنی مەبەست لێداوە.

.پاش لێکۆڵینەوەو بەدووگەڕان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەرشیفی ڤیکینگەکان ,دەرکەوت کە مەزنەکەیان سالی 1042 لەدەبلینی پایەتەختی ئێستای ئیرلەندا لەلایەن ڤیکینگەکانەوە درووستکراوە﴾★﴿.بۆ زیندوکردنەوەی ئەوکارەهونەریەمەزنەو بۆ بیرهینانەوەی تواناو دەستی ڕەنگینی ڤڤیکینگەکان ,مۆزەخانەی رۆسکیلە بە هاوکاری وەزارەتی کەلتوور بەر لە5سال بریاری داهاوشیوەیەکی ئەو کەشتیە واتە مەزنەکەیان درووست بکەنەوە..پاش ئەوەی لە هەموو ڕویەکەوە پێکهاتەی کەشتیەکەو شیوازی درووستکردنی و ئەو ماتریالانەی تییدا بەکار هینراوە لا گەلاڵەبوو,ئیدی لە سەبتەمبەری 2000دا دەست بەکار کرا. وەك دەرکەوت کەشتیەکە بۆ گواستنەوەی جەنگاوەر بەکارهینراوە . وەك ئاماژەم پیدا گەورەترین کەشتی ڤیکینگەکان بووە.¨دریژیەکەی4 /29م ,,پانی3/8م ,قولی 1م چارۆکە﴾شراع﴿118 م دووجا سەوڵلێدەر60 ,سەرنشین نزیکەی 100 .خیرایی 20 گرێی دەریایی.

بۆ درووستکردنی ئەم ماتریالانەی تیدا بەکار هینراوە: 340 درختی مەزن.400 کیلۆئاسن.7000 پارچە خووردە ئاسن بۆ بەستنەوەی پارچەکان پیکەوە﴾لەبری بزمار﴿.2000م گوریس.لە درووسکردنیدا ئەوە لەبەرچاو گیراوەکە کە بە هیچ جۆرێك ئامێری نوێی تیدا بە کار نەهێنرێت بەتایبەتی کارەبایی بەڵکو ئەو جۆرە کەلوپەلە دارتاشیانەی تیدا بەکاربهینرێت کە ڤیکینگەکان بەکاریان هیناوە.

***<u>چەند ساتێك لە گەڵ ڤیکینگەکاندا:</u>***

لە مانگی ئاگوستی ئەمساڵداکار لە کەشتیەکەدا کۆتایی هات.4ی سەپتەمبەر دیاری کرا بۆ ڕۆژی کردنەوەی .بەرلەو بەرواره بەچەندین هەفتە لە میدیاکانی دانمارکدا بنگەوازێکی بەرفراوانی بۆ کرا.شاژنی دانمارك مارگرێت ئامادەیمەراسیمەکەبوو.هاوکات وەزیری کەلتووری ئیرلاندیش بە یاوەری گرووپێکی مەزنی موزیك بانگهیشتکرابوو.هەرلەو پارکەی بەردەمی مۆزەخانەکە کەکەشتیەکەی لێ دروستکرابوو هەرلەوێشدا ئاهەنگەکە بەریوەچوو.15 هەزارمیوان لەدانمارك وسوید ونەرویجەوە ئامادەبوون.زۆرلە ئامادەبووان چ پیاو چ ژن چ زارۆك بە جلوبەرگی ڤیکینگەوە هاتبوون.هەروەك چون لە رۆژی ئەمرۆماندا دەوڵەمەند جلوبەرگی جوان وگرنبەها وهەژاریش هەرزان وناشیرین لەبەردەکەن لەوێش هەروابوو وەبەئاشکرا هەستی پێدەکرا.بۆ نمونە دەوڵەمەندەکان بە جوانترین شێوە خۆیان ڕازاندبوویەوە,بەچەکی گران وخووری وپێڵاوی جوان وخشڵ وخوری و جۆرەها شتی دیکەی جوانی .لێ هەژاریش تەنها بەرگیکی سادەلە هەرزانترین قوماش.ئەمەش جیاوازی چینایەتی ئەو سەردەمەی نیشان دەدا.ئاهەنگەکە بە شیوازیکی زۆر ڕێکوپیك ئۆرگانیزە کرابوو, ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکانی وڵاتانی سوید و نەرویج ودانمارك و ئیرلەندا ئامادەبوون..بەشیکی مەزنی پارکەکە کرابووە بازاریکی ڤیکینگەکان کە جۆرەهاخۆراك و کەلوپەل و کالای ئەوسەردەمەی تێدا دەفرۆشرا . فرۆشیارەکان بە جلوبەرگی ڤیکینگییەوە بازارەکەیان بەریوەدەبرد .لە هەندێ خێوەتدا ئەندامانی خیزانیك سەرجەم کاریان دەکرد کە ئەمەش وێنەیەکی جوانی نیشاندەدا .لەبەردەم هەر دوکانێکدا کۆمەڵێك خەلك سەرقالی سەوداو مامەلەبوون .یاخود کەسانیك پرسیاری چۆنیەتی درووستکردنی هەندێك لە کاڵاکانیان دەکرد.خێوەتەکان لەو چەشنەبوون کە ڤیکینگەکان لە ژیانیاندا بە کاریان هێنابوون .ڕۆژی ئاهەنگە ڕۆژێکی خۆش وگەرم بوو ,خلکان لە جموجوڵدابوون, لە بەردەم هەر خێوەتێکدا چالاکیەك هەبوو.وەك درووستکردنی چەك لە شمشێرو تیروکەوان و ڕم و تەور ,درووستکردنی خشڵ و مووتوو موورو,کەرەستەی نانخواردن وەك کەوچك جام قاپو قاچاخ لە تەختە ,فرۆشتنی جۆرەها بەرگ لە خووری وکەتان وجاجم وتاد

,درووستکردنی سەبەتەو قوڵینەو زەمبیلە,.فرۆشتنی چەند جۆرێك لە خواردنی ڤیکینگی. ئەوشۆێنانەی کە زۆرتر خەڵکی لێ کۆبووبوویەوە خێوەتەکانی خواردن فرۆشتن بوون, ئەویش بە هۆی ئەو تایبەتمەندی و تام و چێژە خۆشەیانەوە بوو .دەمێك بەنیو ئەو بازارەدا دەسوورامەوە و لە خێوەتێکەوە چاوم دەگوازتەوە بۆ خێوەتێکی دیکەو سەرنجی کریارو فرۆشیارەکانم دەدا ,خێرا ئەوەم بە بیردا هاتەوە کە چەند کارێکی جوان وزیرەکانەیە مرۆڤ خۆی لە نێو بەشێك لە دیرۆکێکی پترلە هەزار سالەدا ببینێتەوە هاوکات خەیاڵم بۆ ئەو سەردەمە گەڕاندەوە کە ڤیکینگەکان لە بازارێکی ئەوهادا چۆن هەڵسوکەوتیان کردبێت.لە بەشێکی دیکەی پارکەکەدا  چەند سوارێك خەریکی ڕمبازی و سوارچاکی و هەندێك گەمەی سواری بوون .هەرلەنزیك یەکیك لە دووکانەکان چەند گەنجیك  بە بەرگی کۆنەوە مۆسیکی ڤیکینگیان دەژەند﴿٭﴾ .

ڕەخشی دەریا بەرەو دەریا .

بەر لە وەگەرخستنی کەشتیەکە چەند ناویك بۆ کەشتیەکە پێشنیارکرابوو , شاژنی دانمارك بەو بۆنەیەوە وتارێکی پیشکەش کرد لە وتارەکەیدا ناوی کەشتیەکەی بەیاند کردکە﴿ ڕەخشی دەریایە﴾.بەدوویدا وەزیری کەلتووری ئیرلەنداش ووتاری خۆی پێشکەش کرد.پاشان لە نێو هاتووهوریای خەڵك و سەدای تیپی موزیکی منداڵاندا نزیکەی 50کەسیك پالیان بە کەشتیەکەونا بۆناو ئاو. بە تەڕبوونی کەشتیەکە چەپڵە ڕێزان دەستی پێکرد . پاشاند شاژنی دانمارك و هەندێك لە بانگهێشتکراوەکان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کەشتیەکە, کەشتێکی کوورتیان بە دەڤەرەکەدا کرد. گروپێکی موزیکی ئیرلەندی کە ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست بانگهێشت کرابوون دەستیان بە مۆسیقا ژەندن کرد, گرووپەکە پتر لە 30 کەس دەبون هەموو بە ئامیری کەمان موزیکی ڕەسەنی ئیرلەندیان دەژەند کە بەراستی خۆش و گونجاو بوو لەگەل ئەو بۆنەو ژینگەیەدائامێتە بووبوو ,هەوای موسیکی ئیرلەندی و ووردە شەپۆلی دەریا و کەش و هەوای ساف وخۆشکەیفی خەڵکەکە پێکرا سەمفۆنیەکی گونجاویان پێکهێنابوو.

سالی2007 سەفەر بۆ ئیرلەندە

شایانی ئاماژەیە بریارە سالی 2007هەمان کەشتی یەکەم سەفەری بو دەبلن ئەو شارەی ئۆرگینالەکەی لێ درووستکراوە  بکات .ئیدی تا ئەو دەمە کەشتیەکە لە ئەستیلی رۆسکیلە بەتەنیشت مۆزەخانەکەوە وەك پاچەیەکی هونەریو بەشیك لەپیکهاتەی مۆزەخانەکە پێشوازی لە میوانان دەکات.

لەهەمان شاردا واتە رۆسکیلە ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد دەژین . ئەو ڕۆژە چاوم گیرا تا کەسێکیان ببینم ,مەخابن  نەك هەر کورد بەڵکە تاکە رۆژهەلاتیەکیشم بەرچاو نەکەوت . بێگومانیشم لەوەی زۆربەی ئەو کوردانەی باژێڕەکە  نازانن کە لەشارەکەیاندا مۆزەخانیەك لەوجۆرە هەیە ئیدی کوو ئامادی ئەو ئاهەنگە ببن

تێبینیەکان/

٭ئەم بابەتەلە کاتی خۆیدا دەست بە نووسینی کرا لی بەهۆی نەخۆشی وسەفەرمەوەدوواکەوت.

٭بەپێی ئەو نەخشەیەی لە سەر یەکێك لە دیوارەکانی مۆزەخانەکە هەڵواسراوە ڤیکینگەکان گەشتوونەتە کوردستانیش﴿ باکووری کوردستان﴾

٭ بەر لە کریستۆفەر کۆلۆمبس بە نزیکەی پێنج سەدە ڤیکینگەکان کیشوەری ئەمەریکایان دۆزیوەتەوە,لەجمسەری باشورەوە کە وڵاتی کەنەدای ئەمرۆدەکات.تا ڕۆژی ئەمرۆش ئاسەواری هەندێك لە خانوەکانیان ماوە

٭کۆموونی شاری ئەلبەرتسلوند بەشی کەلتووری بەرلە چەند ساڵێك پرۆژەیەکی ئەنجامدا کە تێیدا چەند خانوویەکی شێوازی ڤیکینگیان درووستکرد.شارەزایانی بیناسازی  لە هەڵسەنگاندندا گووتوویانە کە لە کاتی خۆیدا تۆکمەترین چەشنی خانوبووە , بەجۆرێك هونەری بیناسازی تێدا بەکار هێنراوە کە دەکری لەم سەردەمەشدا سوودی لێوەربگیرێت. ئێستا ئەو خانوانەوەك مۆزوخانە بەکاردەهێنرێن.

٭پێدەچێت کەسانێك بپرسن  بۆچی ئەو کەشتیە لە دەبلن درووست کراوە ؟ بۆ لە لای خۆیان درووست نەکراوە؟وەلام ئەوەیە کە ڤیکینگەکان   زۆر دەڤەری جیا جیان داگیلرکردووە وە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتێیاندا نیشتەجێ بوون.جا یە کیك لەو شوێنانەش

ئیرلەند بووە  کە لە کۆتایی 700ەکانەوە داگیریان کردووە و بۆ ماوەی 400سالٚ لەوێماونەتەوە, هەر بۆیەش لەوێ  ئەو کەشتیە یا چەندین کەشتی دیکەیان درووست کردووە, هەر لەوێشەوە چەندین لە سەفەرەکانیان بەملاو لادا ئەنجام داوە .

⋆لێکۆڵەوەرەکان توانیویانە بەشێك لە نۆتەی موزیکی ڤیکینگەکان لەگەلٚ هەندێك لە ئامێرەکانی بۆزنەوە,







